پەرلەمانی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان
لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار

برلمان كوردستان - العراق
رئاسة الديوان
مديرية شؤون البرلمان واللجان
لجنة البلدية و النقل والمواصلات والسياحة

Kurdistan Parliament – Iraq

ژمارە: ٥٠/ /
ڕێکەوت: ٢٠٢١/٣/٣١

## بەڕێز/سەرۆکایەتی پەرلەمان

### بابەت/ هەمواری یاسا

ئێمە ئەندامانی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار کە لە خوارەوە واژوومان کردووە،داواکارین لە بەڕێزتان کە پێشنیازی (هەمواری یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٩ یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەویانەی کە لە سنوری شارەوانیەکان زێدەڕۆییان کراوەتە سەر لە هەرێمی کوردستان-عێراق)، بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت .

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|
| ١ | لقمان حمد حاجی مستەفا | |
| ٢ | ڕزگار عیسی سوار | |
| ٣ | نزار ملا عبدالغفار | |
| ٤ | د.زێدان برادۆستی | |
| ٥ | د.محی الدین حسن | |
| ٦ | نجات شعبان عبدالله | |
| ٧ | زکری أحمداسماعیل | |
| ٨ | کلارا عودیشۆ یعقوب | |
| ٩ | سیپان سالم حسن | |
| ١٠ | سەرچنارأحمدمحمود | |
| ١١ | ڕزگار محمد محمود | |



بەڕێز سکرتێری پەرلەمان
لەبەرچاوگرتن و ڕاوەستان بەپێی ڕێنماییەکانی بەڕێزتان

# پێشنیازە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە ( ٣ ) ی ساڵی ٢٠١٩
# یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی کە لە سنوری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**مادەی ( ١ ):**

بڕگەکانی (یەکەم) و (دووەم) لە ماددەی (١) بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:-

**یەکەم/** ١- زێدەڕۆکار بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ئەو کەسەیە بە زێدەڕۆیی هەڵساوە بە دروستکردنی خانوو یان دەست داری کردارەکی (حائز) خانووە زێدەڕۆیەکە یان میراتگرە شەرعیەکانی، یان ئەوانەی بە حوکمی یاسا بۆ بەخێوکردنیان راسپێردراوە.

٢- ئەو کەسانەی کە لە چوارچێوەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان یان هەر دامەزراوەیەکی تری حکومی مۆڵەتییان پێدراوەو زێدەڕۆییان لە دەرەوەی سنووری ڕێپێدراو کردووە، حوکمەکانی ئەم یاسایە نایانگرێتەوە و زێدەڕۆیی یەکانیان بۆ بەخاوەن ناکرێت.

**دووەم/** شارەوانییەکان بۆیان هەیە ئەو کەسەی پێش ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٣١ خانووی نیشتەجێبوونی بە زێدەڕۆیی دروست کردووە یان دوا دەستداری کردارەکی خانووە زێدەڕۆیەکە یان میراتگرە شەرعیەکانیان بکەنە خاوەنی ئەو زەویەی خانووەکەی لەسەر دروست کراوە و موڵکی دەوڵەتە، جا چ موڵکی تەواو بێت یان مافی ڕەفتارکردنی لەسەر بێت.

**ماددەی ( ٢ ):**

بڕگەکانی (سێیەم) و (چوارەم)ی ماددەی (٢) ی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:-

**سێیەم/** پێویستە زێدەڕۆکار داواکاریەکی نووسراو بۆ مەبەستی بە خاوەنکردن پێشکەش بکات.

**چوارەم/** دەبێت پێکەشکردنی ئەو داواکاریەی لە بڕگەی (سێیەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، لە ماوەی (١) ساڵ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە تێپەر نەکات.

**ماددەی ( ٣ ):**

بڕگەکانی (دووەم) و (چوارەم)ی ماددەی (٣)ی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:-

**دووەم/** بەهای ئەو زەویانەی زیادەڕۆییان لەسەر کراوە بە خانووی نیشتەجێبوون، نرخەکانیان بەم شێوەیە دەخەملێنرێت:-

١- بۆ ئەو کەسانەی سودمەند نەبوون لە دەوڵەت و کۆمەڵە هەرەوەزیەکان بە وەرگرتنی زەوی یان یەکەی نیشتەجێبوون، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

أ- ئەگەر ئەو زەوییەی زیادەڕۆیی کرابووە سەر پێشتر لەلایەن شارەوانییەوە جیاکرابێتەوە، نرخەکەی بە بڕێك دەخەملێنرێت کە لە (٥٠٪) سەدا پەنجای نرخی ڕاستەقینە کەمتر نەبێت و زێدەڕۆکاریش بە سوودمەند ئەژمار دەکرێت.

ب- ئەو شوێنانەی کە خاڵی (أ)ی سەرەوە نایانگرێتەوە، بە بڕی (٥٪) پێنج لە سەدی نرخی ڕاستەقینەی زەویەکە دەخەملێنرێت.

ج- هەر زێدەڕۆکارێك خۆی نیشتەجێی خانووە زێدەڕۆیەکە نەبوو، و بە بەرامبەر یان بێ بەرامبەر کەسێکی تری تێدا نیشتەجێ بوو، لە کاتی بەخاوەنکردندا ڕێژەی (١٠٪) دە لە سەدی نرخی ڕاستەقینە دەخرێتە سەر نرخی ئاماژەپێکراو لە خاڵەکانی (أ و ب)ی سەرەوە.

د- هەر زێدەڕۆکارێك بۆی هەیە تەنها یەك خانووی زێدەڕۆی بەناو بکرێت.

٢-

أ- ئەو کەسانەی سودمەند بوون لە دەوڵەت و کۆمەڵە هەرەوەزیەکان بە وەرگرتنی زەوی یان یەکەی نیشتەجێبوون و حوکمەکانی خاڵی (أ)ی بەندی (١)ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە، زەویە زیادەڕۆیەکەیان بە بڕێك کە لە (٦٠٪) شەست لە سەدی نرخی ڕاستەقینەی زەویەکە کەمتر نەبێت، دەخەملێنرێت.

**چوارەم/** ئەو لیژنەیەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٣) ئاماژەی پێدراوە، دەتوانێت داواکاری بە خاوەنکردن ڕەتبکاتەوە ئەگەر شوێنی خانووەکە سەرپێچی بوو بۆ ماستەر پلان یان نەخشەی کەرتی، و زێدەڕۆییەکەش لادەبرێت لەسەر ئەرکی شارەوانی و زێدەڕۆکار مافی ڕەفتار کردن بە پاشماوەکانی دەبێت، و شارەوانی پەیوەندیدار لە سنووری خۆی بە پارچە زەوییەکی نیشتەجێ کە ڕووبەری لە (٢٠٠ م٢) دووسەد مەتر دووجا زیاتر نەبێت، بەبێ بەرامبەر قەرەبووی زێدەڕۆکار دەکاتەوە.

**ماددەی (٤)**

ماددەی چواری یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

ئەگەر کەسی زێدەڕۆکار، پابەند نەبێ بە پێدانی نرخی دیاریکراو یان خەملێنراوی هاتوو لە بڕگەی (٢) لەماددەی (٣)ی ئەم یاسایە یان مەرجەکانی هاتوو لەماددەی (٢)ی ئەم یاسایە نەی گرێتەوە ئەوا مافی بەخاوەنکردنی نامێنێت و خانووەکەی بەزەوی و خانووەوە بەناوی

شارەوانی پەیوەندیدار تۆمار دەکرێ، بە پێی یاسای (فرۆشتن و بە کرێ دانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لەهەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢١)، لە بەرامبەر فرۆشتنەکەی بەهای دروستکراو بەشێوەی شایستە بوونی بە تێکدراوی (مستحقه القلع) دەدرێت بەخاوەنەکەی.

**ماددەی ( ٥ ):**

ماددەی (٥)ی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێت:-

**یەکەم/**

١. نابێت ڕووبەری ئەو زەویەی بە خاوەن دەکرێت لە پارێزگاکان لە (٣٠٠) م٢ سێ سەد مەتر دووجا و لە قەزاکان لە (٤٠٠) م٢ چوار سەد مەتر دووجا و لە ناحیەکان (٥٠٠) م٢ پێنج سەد مەتر دووجا تێپەڕبکات.

٢. ئەگەر ڕووبەری زەویەکە زیاتربوو لەو ڕووبەرانەی لە خاڵی (١)ی سەرەوە هاتووە و نەتوانرا بە پێی ڕێنماییەکانی نەخشەدانانی ئاوەدانی وەك زەوی سەربەخۆ جیابکرێتەوە ئەوا نرخەکەی بە (٥٠٪) پەنجا لە سەدی نرخی ڕاستەقینەی دەخەملێنرێت و بە ناوی زێدەڕۆکار تۆمار دەکرێت بە مەرجێك لە هەموو حاڵەتێك لە پارێزگا و قەزاو ناحیەکان ڕووبەری گشتی زەویەکە لە (٨٠٠) م٢ زیاتر نەبێت.

**ماددەی ( ٦ ):**

ماددەی (٦)ی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:-

وەزارەتی شارەوانی گەشت و گوزار، بۆ ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوەو نەخشەو دیزایینی ئامادەکراوییان نییە، لە ماوەیەك کە لە (دوو ساڵ) لە ڕێکەوتی بەرکار بوونی ئەم یاسایە تێپەڕ نەکات، نەخشەو دیزاین و پێداویستی تەکنیکی ئامادە دەکات.

**ماددەی ( ٧ )**

ماددەی (٧)ی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەمواردەکرێتەوە:-

**یەکەم/** ڕێژەی حەفتا لە سەدا (٧٠٪)ی داهاتی بەدەستهاتوو بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بۆ مەبەستی دانانی نەخشە و دیزاینی ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە.

**دووەم/** ڕێژەی سی لە سەدا (٣٠٪)ی داهاتی بەدەستهاتوو دەگەڕێنرێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی هەرێم بەمەبەستی ئاراستەکردنی بۆ خزمەتگوزارییە گشتیەکان بۆ ئەو ناوچانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

**ماددەی ( ٨ )**

ماددەی (٨)ی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:-

ئەو خانوانەی کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو ڕووخاون، لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دروست کراونەتەوە یان شوێنەواری (شوێنی خانوویان) ماوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە خاوەندەکرێن نرخەکەشیان بە بڕێک دەخەملێندرێت کە لە (٢٪) دوو لە سەدی نرخی ڕاستەقینەی زەوییەکە کەمتر نەبێت.

**ماددەی ( ٩ )**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی ( ١٠ )**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێبکەن.

**ماددەی ( ١١ )**

پێویستە لەسەر وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لە ماوەیەك کە لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەڕ نەکات ڕێنمایی تایبەت بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەربکات

**ماددەی ( ١٢ )**

ماددەی (١٢)ی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:-

ئەم یاسایە دوای بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی کاری پێدەکرێت.

## **هۆکارەکانی دەرچواندن**

**بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی لەیاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٩ هەبوون، سوود مەند بوونی ژمارەیەکی زیاتری هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لەزەوی میری و دۆزینەوەی دەروازەی یاسایی بۆ زیادەڕۆیی ناچاری، بۆ باشتر جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٩، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**